بۆچوون



د. فازڵ جاف

# چەمکی پەرەسەندن و دنیای نوێخوازی



گۆڕان کاتێ دێتە دی کە لە زەمەن و سەردەمی خۆمان تێبگەین، ئەمەش کاتێ مسۆگەر دەبێت کە تاک وەکو فەلسەفەی ژیان پیادەی بکات

زانیاری لە هیچ سەردەم و قۆناغێکدا وەکو ئێستا بە ئاسانی دابین نەکراوە بۆ مرۆڤ ، بەشێکی زۆری هەرکاتێک پێویستمان بێت بە ئاسانی دێتە بەردەستمان.

ڕۆژانە دەتوانین هەر لە ماڵەوە چەندین فیلمی نایاب ببینین، بەشداری لە سیمینار و لێدوان وکۆرس ووۆرکشۆپی گرنگ بکەین، دەتوانین گەلێ کتێب و گۆڤار وڕۆژنامە وسایتی ئینتەرنێتی سەرتاسەر جیهان بخوێنینەوە، هەندێکیشیان یەکسەر وەرگێڕینە سەر زمانێکی کە دەیزانین. لە گەلێ وڵاتاندا ئەگەر کتێبێکت لە کتێبخانەی گەڕەکەکەتدا دەست نەکەوێت، داوای دەکەیت و بۆتی پەیدا دەکەن، پاش چەند ڕۆژێک هەر بە پۆستی ئیلیکترۆنی ئاگادارت دەکەنەوە.

سات دوای سات دەتوانیت هەواڵ و دەنگوباسی ئەم جیهانە بزانیت، لە ڕێگای ئینتەرنێت و دەتوانی برادەرایەتی لەگەڵ کەسانێک دروست بکەی لە ئەمریکا یان ئۆسترالیادا بژین و پێوەندی و کۆناکتت لەگەڵیاندا هەبێت، زمان فێربوون جارێ هەر مەپرسە چەند ئاسان بووە. دەتوانی و دەتوانی..

بەڵام!...

بەڵام بەرامبەر بەم هەموو ئاسانکارییە لە پێوەندی مسۆگەرکردنی زانیاری، پرۆسەی گۆڕان بە بەراورد لەگەڵ ئەم هەموو زانیارییە، هێشتا خاو دەڕوات، بگرە هەندێ جار ئەوەندە خاوە کە ڕەنگە زۆربەی زۆری دانیشتووانی ئەم سەر زەمینە کۆچ دەکەن و جیهان بەجێدەهێڵن بێ ئەوەی هیچ سوودێکیان لەو دەسکەوتە گرنگانەی شارستانییەتی سەردەمی خۆیان وەرگرتبێت.

نووسەری ئەمریکایی جۆن میللەر دەڵێت: گرنگ نییە پێشکەوتن چەند خێرا دەڕوات، گرنگ ئەوەیە ئێمە چەند دەگۆڕێین، زانیاری کاتێ کاریگەر دەبێت و ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت کە گۆڕان بەرپا بکات و مرۆڤ لە گەڵیدا بگۆڕێت. جا ئەگەر ئەمریکاییەک ئەمە بۆچوونی بێت، دەبێت ئێمە سەبارەت بە گۆڕان بڵێین چی!

گۆڕان کاتێ دێتە دی کە لە زەمەن و سەردەمی خۆمان تێبگەین، ئەمەش کاتێ مسۆگەر دەبێت کە تاک وەکو فەلسەفەی ژیان پیادەی بکات، واتە چەند وەکو تاک لە ئێستا و لێرەدا دەژین، ئەوەندە لەسەردەم و ئێستامان تێدەگەین و بە قووڵی دژێین، تەنیا ئەودەم لە گۆڕان تێدەگەین و خۆمان ئۆتۆماتیکیانە دەگۆڕێین و جیهانیشمان دەگۆڕین.

هەر ئەو دەمەش ئینتەرنێت و پۆستی ئیلیکترۆنی و مۆبایلەکانمان باشتر و بۆ مەبەستی

چاکتر و خێرخۆازانەتر بە کار دەهێنین.

بێ تێگەیشتن لە ئێستا و ئێرە، زانیاری هیچ ڕۆڵێکی نییە بە غەیری ئەوەی کە لە دەرەوەی خۆمان کۆدەبێتەوە، زانیاری تەنیا لە یەک حاڵەتدا گرنگە، کە تێی گەیشتبیت و بەکاری بهێنیت و توانای گواستنەوەیت بۆ کەسانی دیکە هەبێت. نەک هەر ئەوەندە بگرە زانیاری، ئەگەر گۆڕانی خودی مرۆڤی هاوتەریب لەگەڵدا نەڕوات زیان بەخش دەبێت، چونکە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت، کە خراپ بەکاربهێنرێت. وابزانم خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و ئینتەرنێت و پۆستی ئیلیکترۆنی لای کەسانی کەم فام و دواکەوتوو، بەڵگەیەکی باشی ئەم بۆچوونەیە.

هەر لەم تێگەیشتنەوەیەش، ئێستا و لە ئێرەدا، تۆوی گۆڕان گەشە دەکات بۆ ئەوەی ببێت بە درەختێکی بە بەر.

زانیاری لە هەر بوارێکدا بۆ ئەوەیە گۆڕان دروست بکات، بۆ ئەوە نییە بەلایدا تێپەڕیت وەکو چاودێرێک تەماشای بکەیت، زانیاری دەبێت ژیان بەرەو چاکتر بگۆڕێت، بێ گۆڕانیش هیچ سوودێکی نییە.

شانۆکارێک لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا دەربارەی شانۆ و تەکنولۆژیا، زۆر پێی لە سەر نوێخوازی دادەگرت، پێی وابوو کە دەبێت سوود لە دوا دەسکەوتەکانی تەکنۆلۆژیا ببینین، ئەگەر بمانەوێ شانۆ پێش بخەین. ئەم گوزارشتە خراپ نییە و بگرە زۆریش ڕاستە، بەڵام کە ئەم شانۆکارە تاکو ئێستا نەزانێت مۆبایلەکەی بەکار بهێنێت، کە نەوێرێت کۆمپیوتەرەکەی بکاتەوە، هەرگیز ناتوانێت لەو گۆڕانە تێبگات کە تەکنۆلۆژیا لە شانۆدا بەرپای کردووە. هەموو بۆچوونەکانیشی دەربارەی مۆدێرنیزم و هەندێک جاریش پۆست مۆدێرنیزم لە شانۆدا بڵقی سەر ئاوە.

زانیاری گۆڕان دەخوازێت، هەموو گۆڕانێکیش هەستی بەرپرسیارێتیمان بەهێزتر دەکات، ئەمەش پرسێکی مەزنە و هەموو کەسێک دەگرێتەوە. پرۆسەیەکە لە خودی تاک خۆیەوە دەست پێ دەکات.

بەڵێ ڕاستە دەزگاکانی ئیدارە و دەوڵەت و ڕێکخراوەکان دەتوانن و دەشبێت کارئاسانی بۆ بکەن و ڕێگەی بۆ خۆش بکەن، بەڵام ڕۆڵی گرنگ تاک خۆی دەیبینێت. ڕۆڵی تاک لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، گرنگترین کار کاری مرۆڤە لەسەر خودی خۆی.